کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 2-6-2007 13:20

## تکایە با عێراق دابەشبکرێت ... کامەران عەبدە سالح

ڕانیە

مانەوەی یەکپارچەیی خاکی عێراق دوای گوزەری زیاتر لە هەشتا ساڵ بەسەر دروستبوونی ئەو وڵاتەدا، کە هەر لە سەرەتاوە بە شێوەیەکی ناسروشتی و لە ئەنجامی پێکەوە گرێدانی زۆرەملێیانەی سێ کۆمەڵی ئایینی و ڕەگەزی تەواو جیاوازەوە هاتە بوون، ئەگەرێکی لاوازە.

بوش، بۆ دەربازبوون لەو دۆخەی کە لە عێراقدا تێیکەوتووە، خوازیاری ڕەوانەکردنی هێزی سەربازی زیاترە بۆ بەغدا و چەند شارێکی تر بێ گوێدان بەو دژایەتیکردنەی کە لەلایەن دیموکراتەکانەوە لەو ڕووەوە ڕووبەڕووی دەبێتەوە!

لە کاتێکدا تاکەڕێگەی بە کردەوە بۆ ئاسایی کردنەوەی ڕەوشەکە کە پێویستە ئەمریکا کاری بۆ بکات، ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵە مێژووییەیە کە لە سەرەتادا ئاماژەم پێکرد و، خۆی لە دابەشکردنی عێراق بەسەر سێ دەوڵەتی سەربەخۆ (شیعە لە باشور، کورد لە باکور، سووننە لە ناوەڕاست) دا دەبینێتەوە.

هەرچەندە تا ئەم ساڵانەی دواییش بەلای واشنتۆنەوە ڕێگە چارەیەکی لەو جۆرە جێی بایەخ نەبووە، بەڵام گۆڕانی بارودۆخ پێویستبوونی گرتنەبەری ئەم ڕێگە چارەیەی کردۆتە ئەمری واقیع.

گومانی تێدا نییە کە ئەگەر دەرفەتێك بڕەخسێت، کورد لە کوردستانی لکێنراو بە عێراق، هەرگیز خوازیاری بوونی حکومەتێکی ناوەندی بەهێز نییە لە بەغدا، چونکە لە ماوەی دەیان ساڵی مێژووی دروسبوونی عێراقدا جگە لە شەڕو کوشتار وماڵوێرانی هیچی تری لە دەسەڵاتی مەرکەزی نەبینیوە.

ڕەنگە ئەزموونی یوگسلافیا کە دوای شەڕی جیهانی دووەم بڕیویەتی، باشترین هاندەر و نموونەی دڵخۆشکەر بێت بۆ ئەوەی بەرەو دابەشکردنی عێراق هەنگاو بنێین، ساڵی 1946 (مارشاڵ تیتۆ) کۆمەڵێك ڕەگەزی جیاجیای لە چوارچێوەی یوگسلافیای یەکپارچەدا بە زۆرەملی کۆکردەوە، هەرچەندە خۆی کرواتی بوو بەڵام وڵاتی لە (بەلەگراد) ـەوە و لەنێو زۆرینەی سربەکان بەڕێوە دەبرد، بە گوێرەی کەسایەتی خۆی و بە سیاسەتێکی تاکلایەنانە توانی ئاسایش و ئارامی بچەسپێنێت، کەچی هەر کە لە ساڵی 1980 دا کۆچی دوایی کرد چەند بەشێکی یوگسلافیا جیا بوونەوە و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان ڕاگەیاند، سربەکان بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی ڕەوشەکە زۆر نامرۆڤانە کەوتنە گیانی موسوڵمانەکانی بۆسنە و کرواتەکان، گەرچی سەرەتا ڕۆژئاواییەکان بێدەنگ بوون لە ئاست ڕەوشەکەدا، بەڵام دواتر کردەوەی سربەکانیان سەرکۆنە کرد، ئیترنەتوانرا بارودۆخەکە کۆنتڕۆڵ بکرێتەوە و دواجاریش سربەکان بە ناچاری دانیان نا بە دابەشبوونی وڵاتەکەیان.

ڕوونترین وانەیەك کە لە پرسی یوگسلافیادا دەستمان بکەوێت ئەوەیە کە (بوونی هێزێکی سەرکوتکار باشترین چارەسەری مانەوەی یوگسلافیای یەکپارچە بوو، بەڵام دواجار شکستی هێنا).

حیزبی بەعس لەماوەی دەیان ساڵی دەسەڵاتیدا، بە تیرۆر و سەرکوتکردن توانی یەکپارچەیی عێراق بپارێزێت، لە ئێستایشدا کە ئەو حیزبە تاکڕەوە بوونی نەماوە، جێی خۆیەتی هەر سێ کۆمەڵەکە بەتایبەت کورد و شیعە کە لە سەردەمی دورودرێژی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقی یەکپارچەدا بە دەست دەسەڵاتی مەرکەزییەوە زوخاویان چەشت، هەوڵی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان بدەن، بێگومان بە کارێکی ئەوتۆ هەم گەلانی عێراق دەکەونە ئاسایشەوە، هەم ئەمریکایش لەو دۆزەخە ڕزگاری دەبێت کە لە عێراقی یەکپارچەدا تێیکەوتووە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.